دەریاس و لاشەکان، دەریاس و موقەدەسەکان ... نەبەز گەران

تەواوی کارەکتەرەکانی ناو فەزاکە لە بازنەیەکدا خولدەخنەوە بازنەکەش هیچ بەرهەمێکی نابێت، جگە لە ونکردن و نادیاری دروستکردن.

راستەوخۆ دەچمە ناو فەزای دەقەکە، مەبەستم دەق و فەزاگشتییەکەی ناو دەق بنەمای خوێندنەوەکەم بن، نەك بەراوردکاری لەگەڵ واقیعدا. ئەگەر لە شوێنێکدا فەزای دەق و فەزای واقیع بکەمە بنەمایەك بۆ خوێندنەوە، مەبەستم نییە بەراوردی دەق و واقیع بکەم، مەبەستم درزێك بۆ خەم بدۆزمەوە تا لە رێگەی ئەو درزەوە، باشتر پەی بەو چەمکانە ببەم لەناو دەقەکەدا بنەوانی ئیشکردنن و دەق بکەمە دەلاقەیەك بۆ خوێندنەوەی واقیع. یانی مامەڵەکردن لەگەڵ خودی فەزای ڕەمان و فەزای دەق، نەك مامەڵەکردنێك ڕەمان نەناسانە بۆ یارمەتیدانی خەم، واقیع بکەمە کەرەستەیەك تا لەوە دیدە تایبەتییەکانی خەم لەسەر فەزای ناو دەق بدەم. (دونیای ڕەمان، دونیایەکە لەگەڵ واقیع بەراورد ناکرێت.)

لەم ڕەماندا سێ چەمکی گرنگ شوێنی ئیشکردنی دەقەکەن. (وەهم، شەش، موقەدەس) هەر سێ چەمکەکە بەشێوەیەکی ڕژد کاریان لەسەر کراوە و، لەڕگەی فەزای گشتی ڕەمانەکە و، زمانی کارەکتەرەکانەوە، بەوردی ڕەهەندەکانی هەرسێ چەمکەکە بۆ خوێنەری دەق روندبنەوە.
بەرلەوەی قسە لەسەر سێ چەمکەکە بکەین، پرسیار لە فەزای گشتی ڕەمانەکە دەکەین، کە چ جۆرە فەزایەکە و لەم فەزایەدا ئەمەی خوێنەر چیدەبینین؟ بە ئاوەی فەزای گشتی دەقەکە بناسین گرنگە بشوێن ناوەکدا بگەڕێین لە فەزا گشتییەکەی بنەین، ئاشنت کارەکی خراپم نەکردبێت، فەزای گشتی ناو ڕەمانەکە ناو بنەم،(فەزای سەرابی، یان فەزای تراویلکەیی) ئەو فەزایەی لە هەموو بەشەکانی ناو دەقەکەدا بوونی هەیە ، فەزایەکی تراویلکەییە، فەزایەکە هەموو کارەکتەرەکان تێکەوتوون و هیچ کام لەو کارەکتەرانەش بە تەواوەتی تەفسیرەکی ڕوونی بە فەزاکە گشتییەکە نییە.

بەشێك لە کارەکتەرەکانی ناو فەزا تراویلکەییەکە باس لە ئومێد دەکەن، بەبێ ئاوەی بزانن ئەم ئومێدە لە چیدایە و چۆن بەرهەم دێت و لە کوێدا بیدۆزنەوە! بەشێکیان باس لە شەشدەکەن، بەبێ بوونی

کردەیەکی راستەقینەی شۆشگێرانە! بۆشکیان بوێرانە و بەباکی و نائومێدیەکیان هیچ هوشیاریەك و دونیابینیەکی لەگەڵدا نییە و، جۆرێك لە تراویلکەیی کە بوونەتە مژووی شونکە سەرتاپای ژیانی ناو دەقەکەی داگیرکردووە.

سەراب، یان تراویلکە، نادیاری تەنها نەبەستراوەتەوە بژیانی ئەو کارەکتەرکانەوە بەباکن و بەردەمی خیان نابینن و لەناو نیادیاریەکدا دیگوزەرنن، بەکو بەستراوە بە ژیانی ئەو کارەکتەرە حەماسیانشەوە بە رژدی باس لە شۆش و کردەی بەرگریدەکەن.

بە یارمەتیدانی خەمان، ئەکرێت لە فەزای لەم جۆرەدا باس لەو فەزا واقیعییە بکەین، لە ئەستادا، یان لە زەر وەستگەی جیاجیادا لەناو واقیعی کەمەگەی ئەمەدا ئامادەیی هەیە. مژووی حوکومرانی نادروست هەمیشە بشەك لەو فەزایەی دروستیدەکات فەزای تراویلکەییە. ئەو جۆرە لە فەزایە بەردەمی خەت وەك سەرابەك بە دیاریدەکات و وەناکە جۆرەکە لە فەە لە بینین و لە هوشیاریت، ئەم فەەی وەناکردنە دەتخاتە ناو دەخەکەوە ئیدی تە لەناو خودی فەزاکەدایت، بەبە ئەوەی بەردەمت یان دواوەت لەوە دیاربەت! لە چوارچەوەیەکی سنووردارداکە نەبینراوە ژیانت دەسوەتەوە و هەمیشە دەتوەت ئەم نەبینراوە بەبینی و لەو دەخە دەرچیەت تەیکەوتویت، بەەام لە هەر گۆشە نیگایەکەوە لەبەوانیت دەتەوە ناو هەمان فەزا.

هەمیشە دەرك بەوە دەکەیت شتەکی گەورە لە ئارادایە، رووداوەك دەتە پەش و ئاوگەەك دروستدەبەت، ئەما هیچ رووداوەك لە ئارادانییە و هیچ گەانکاریەکیش لە ئارادا نییە. ئەو فەزا تراویلکەییە یاریی بە بینین و هوشیاریتدەکات و دەتخاتە ناو ئەو دەخەوە ئەو دەرککردنەت بە دروستبەت، دەککردنەکەت بچوکترین گەانکاری دورستناکات و، بەردەوامیش وەهمی گەانکاری دەبەتە بەشەك لە رووبەری خیاڵ و بیرکردنەوەت. ئەم تایپەی فەزای تراویلکەیی یەکەکە لەو فەزا ترسناکانەی کارەکتەری ناو فەزاکە دەخاتە دەخەکەوە سیمایەکی راستەقینەی نەبەت و، زوو زوو سیماکان و بروا کانی خەی بگەەت تا لەناو فەزا تراویلکەییەکەدا بەتە دەرەوە و بەرچاو رونییەکی هەبەت. خودی فەزاکە ناچاریەك دروستبکات لە یەك چرکەساتدا وەهمی شەشت هەبەت و، لە هەمان چرکەساتدا بەباکی و نائومێدی ببەتە بەشکی ژیانت و لە هەمان کاتیشدا گەانەوە بە مژووو و بە ناو دەخی ەەەەەەەبوون، دیوەکی دیکەی بوونت داگیربکات و بتکاتە بەشەك لەو ەەەەی، کە تە نیت.

فەلسەفی پیشاندانی ئومێدی گەورە، شێوەی راستەقینە، گرانکاری بنەڕەتی، ئەو فەزا تراویلکەییە کە دەقی ڕەمانکە بەوردی لەگەڵ دروستکردنەوەی ئەم فەزایەدا دەروات و کارەکتەر و مەخلوقەکانی ناو دەقەکە دەکات بە کەمەندێك بەشەوە و هەر بەشەو لەو فەزایەدا بەرگری لەو بەروایی خوێدکات، کە ئایدیالیزمی باڵا بە فەزا گشتییەکە دروستیکردوە.

هونەری دروستکردنی فەزایەکی لەم جۆرە بە نووسەر، یارمەتیدەر دەبێت تا لەناو ئەم فەزا نادیارەدا بتوانێت ئەو چەمکانەی دەبنە بنەوانی کارەکەی بە باشی ئیشیان لەسەر بکات. فەزای تراویلکەیی فەزایەکی بە سیمایە، سیمایەکی ڕاستەقینەی نییە تا لەناو ئەو سیما ڕاستەقینەدا کار لەسەر ئەو بەروایە بکەیت جوڵەیەك، یان گەڕانکارییەك دروستدەکات، بە پێچەوانەوە فەزایەکە هەموو جوڵە و کارکردنەك و کردەیەك لەناو خوێدا وندەکات و لە کۆتاییدا دەیخاتە خزمەتی ئایدیالیزیا باڵاکەوە.

لەم تایپەی فەزادا ژیانەکی بەبەردبووی ترسناکمان پیشان نادات، کە ئەو ژیانە بەبەردبووە ببێتە هۆشە لەسەر ژیانی تایبەت و کوشتنی ڕوون و مەرگی دەستجەمعی لەگەڵ خۆی بهێنێت. ژیانەکی نەرمی ئاسایشمان پیشان نادات، ببێتە دینامیەك بە خۆنی زیاتر و بەرهەمهێنانی ئایدیای زیاتر. لەنەوان هەردوو تایپەکەی ژیاندا، ژیانەك دەخاتە ناو دەقەوە، شتەکان بوونیان هەیە، بەڵام لەناو بوونەکەی خۆیاندا بێنادیاری و مەحوبوو دەمێننەوە. هەمووشتەك تا ئەو شوێنە بوونی هەیە دەچیتە ناوییەوە، کە دەچیتە ناوییەوە بوونەکەی نامێنێت و چەشنی سەرابەك لە دوورەوە دیارو لە نزیکەوە نادیار و ونبوو.

گومان لە کردەی شڵشدەبێت، کەچی کردەی شڵشەکە کردەیەکە تەنها گومان لێدەبێت و بوونەکی ڕاستەقینە و جوڵەیەکی ڕاستەقینەی نییە، هاژەهاژەکە لەناو فەزای تراویلکەیدا نوقم دەبێت. وەهمەکان و موقەدەسەکان ئامادەییەکی گەورەیان هەیە، نە وەهمەکان و نە موقەدەسەکان ناتوانن لەناو فەزا تراویلکییەکەدا جوڵەیەکی ڕاستەقینە بکەن و هەریەکەیان لە شوێنی خۆی مانای هەیە و، لە دەرەوەی خۆی بەمانا دەبێت.

تەواوی کارەکتەرەکانی ناو فەزاکە لە بازنەیەکدا خولدەخنەوە بازنەکەش هیچ بەرهەمەکی نابێت، جگە لە ونکردن و نادیاری دروستکردن. بەباکییەکی گەورە ئامادەیی هەیە، ئەما ئەم بەباکییە

لە جۆهەری خۆیدا خەمکی گەورەی هەڵگرتوە و بەهەی فەزا تراویلکەییەکەوە خەمکە بووە بە بەباکی. دونیایەك دروستبووە، دونیاکە چ جۆهەرێکەیە و چ رووکەشێکەی بەباشی دیارن و خۆیان دەنوێنن، بەڵام ئەوەی کەشەی گەورەیە دیاربوون و خۆ نوێنییەکەیان، دیاربوون خۆنوێنییەکی نادیار و ونبووە، نە ئەوەیە دیارییەکە ببێتە جوڵەیەك بە تەواوەتی مانایەك بەبوونی دیاری خۆی بدات، نە ئەوەیە نادیارییەکەی کۆتایی بێت و، دیارێکی دیکە بێتە شوێنی. دونیایەکی تراویلکەیی کە هەموو ئەوانەی لەناویدا دەژین بەجۆرێك لە جۆرەکان لە دەخی ونبووندان و ئاوەگەڵێك بەسەر ئەم تراویلکەییەی بوونەدا نایێت.

یەکێك لە ترسناکترین دەقەکانی ڕۆمان ئەم دەقەیەتی. ترسناك بەو واتایەی توانیویەتی ئەو فەزا تراویلکەییە دروستبکات و لەناو ئەو فەزایەدا هەموو ئەو چەمکانەی بەستراون بە ژیانی گشتی و ژیانی تایبەتی کارەکتەرەکانەوە هەم بوونیان هەبێت، هەم ونببن و بتوێنەوە. دەرککردن بەم جۆرە لە فەزا و خولقاندنی لەناو دەقدا، ئیشی نووسەرانێکە بتوانن لەڕگەی هونەری وشەوە فەزای لەو جۆرە بەرهەم بێنن.

لە واقیعی ژیانی گشتیدا هەمیشە ئەم جۆرە لە فەزا لەژێر سیستەمی فاشیدا دروستدەکرێت و لەناو خۆیدا ئومێدەکان، برواکان، نائومێدەکان، بەباکەکان..هتد دەخاتە ناو بازنەیەك و ڕووبەڕی یەکدیاندەکاتەوە و لەناو فەزاکەشدا ونیاندەکات. هەمان فەزا واقیعەکە لەشوێنکی دیکە و بە دونیابینییەکی دیکە و لە جیهانی ڕەماندا، لە دەقەکەدا بە باشی وێناکراوە. لە وێناکردنێك هەرگیز ناتوانیت لەگەڵ واقیعدا بڕاوردی بکەیت و، دەبێت دەق بکەیت بە دەلاقەیەك تا لەوەوە جارێکی دیکە بە واقیع بروانیت.

لەگەڵ سەرەتای ڕەمانەکەدا فەزای تراویلکەیی دەستپێدەکات و ڕاستەوخۆ بەر موقەدەس دەکەوین. بە موقەدەسکردنی حیزب و ئایدەلۆژیا و سەرکردە، سەردەمێك دێتە پێش ئیدی ئەو سەردەمە دەبێتە سەردەمی بە موقەدەس کردن. هەموو موقەدەسێك کە دروستدەکرێت پرسیار و گومان و عەقڵ دەکوژێت. هەمیشە موقەدەس لە شوێنکدا بوونی هەیە، ئەو شوێنە لە غیابی عەقڵدا دەژیت.

لەو شوێنەی عەقڵ و پرسیار و گومان بوونیان هەبێت، لەو شوێنەدا موقەدەس بوونی نییە. کە موقەدەسیش هات ئیدی عەقڵ باردەکات و لەشوێنی ئەو موقەدەس دەبێتە شوێنگرەوە. ئیدی ئەوە ئایین و نەریت

نییە موقەدەسە بەرهەم دەهێنێت، لە بری ئەوان حیزب و ئایدۆلۆژیا وەك مەکینەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی موقەدەس، بەردەوام سەرکردە لە چوارچێوەیەکی موقەدەسبوودا وێنادەکرێت و ئەهلی حیزبیش لەگەڵ ئەم نەریتەدا ژیانیان بە موقەدەسی حیزبی گەمارۆ دەدرێت. لەگەڵ هێنانەوەی تەرمی موقەدەسدا حەشاماتی موقەدەس پەرست دەکەونە شوێن ئەو تەرمەی هیچ دونیایەکی نوێ و هیچ ئایدیایەکی نوێی لەگەڵ خۆی نەهێناوە، لە بری ئەوە وەك موقەدەسێك بە بوونی پرسیارێك لەسەر بەرهەمەکەی، بە بوونی پرسیارێك لەسەر دونیابینی و ئەو جیهانەی دروستیکردوە، لەشکری موقەدەس پەرست دەکەونە ستایشکردن و شیوەنگێڕان بۆی. لەو فەزا کەرنەڤالییە موقەدەسییەدا، سەرتایەکی ترسناك بە شار و بە ژیانی گشتی دەردەکەوێت. " ئەو باندە دەو بەباکانەی بەسەر تەرمەکەدا دەفڕین، هێندەی سێبەری ئەمیاندەکرد و تەماحیان بە گۆشتی ئەمبوو، مەیلیان بە ئێسکوپروسکی کەنی ئەو مردوە نەبوو."

باندەکان هەمان ئەو لەشکرەن لە پێناو دونیای ئایدۆلۆژیا و کەنترۆڵکردندا، بە دەوری تەرمی موقەدەسدا دەسوڕێنەوە، هەمان ئەو جەماوەرەن لەژێر هەیمەنەی حیزب و ئایدۆلۆژیادا موقەدەس قبوودەکەن و، لە پێنای ئەو رازیبوونەدا بەشێك لەو ژیانە بچڕێیان دەوێت لەو فەزایەدا دەستیان دەکەوێت. ئەوان بەرگری لە تەرمەکە ناکەن تالەوزیاتر نەرزێت، ئەوان وەك پاسەوانێك لەو دونیایە تەماحیانە لەپشت ئەو فەزا موقەدەسەوە دەست بە ژیانی ئەوانی تر ببڕن.

گۆشتی ئەمە بە باندەکان، هەمان خوانە لەناو دونیای ئایدۆلۆژیای بارگاوی بە موقەدەسدا رووبەرێکی فراوان داگیردەکات و کەسی پاسەوان بە وێنەی باندەکان لەسەر ژیانی ئەمە دڕێت و، ئەو ژیانەی کە هی خۆیی نییە لە ڕێگەی پاسەوانیکردنی موقەدەسەوە بڕیدەکەوێت. ئیدی ژیانی تایبەتی کەتایی دێت و، ژیانی بە جەماوەری بوون شوێنی دەگرێتەوە. بە جەماوەری بوون ئەو فەزا دروستکراوەیە ئایدۆلۆژیا لەڕێگەی گوتارەکان و لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی موقەدەسەوە دەیخولقێنێت، تا بتوانێت کەی ڕەنگەکان لەناو ڕەنگەکدا ونبکات. ئەو پاسەوانانەی لە دەوری سەرکردەی حیزبی و کارەکتەری موقەدەسدا پاسەوانی دەکەن، یان ئەو پاسەوانانەی مەزارە پیرۆزەکان دەپارێزن، ئەو لەشکرەی لەخوارەوە ستایشی موقەدەس و حیزب دەکات، هەمان ئەو باندە گشتخوڕانەن لەگەڵ تەرمی موقەدەستدا دێنەوە بە نیشتیمان و ئیدی لە ڕێگەی هێنانەوەی تەرمەکی موقەدەسکراوی حیزبیدا، مژووڵك لە موقەدەسی دیکە

دروستدەبن و بەشوێنیدا چەندین موقەدەسی تر دێن. (لە فەزای رەمانکەدا، هەموو لاشەیکی نوێ موقەدەسکی نوێیە.)
لەگەڵ هاتنەوەی تارمکی بۆ موقەدەسکراوی حیزبیدا، کەمەگەر دابەشدەبێت بەسەر کەمەک رەنگی ئایدەلۆژیدا. هەریەک لەو رەنگە ئایدەلۆژیانە بەشوێن دروستکردنی موقەدەسی خۆیدا دەگەڕێت. لەناو فەزا تراویکەیکەدا دابەشبوونە ئایدەلۆژیەکان زۆر بەریتمکی عادەتی بەرەو دەچن و، هەر تایپ و رەنگکی ئایدەلۆژی و گروپەک سەرقاڵی دروستکردنی موقەدەسکە بۆخۆی و، کاتەک دەزانی کەی فەزای ژیانی گشتی گەمارۆ دراوە بۆ کەمەک کارکتەری بۆ موقەدەسکراو، کە هیچ کات ناتوانی بیرلە کردەکانیان و ڕەخنە لە کردەکانیان و جوڵەکانیان بگریت.

هەر ئەو تایپانەی لەو شوێنەی بەدوای خۆیدا دەگەڕێن، لەهەمان شوێندا خۆیان دینەمۆیەکن بۆ دروستکردنی موقەدەسەک، بەبێ ئەوەی دەرک بەوە بکەن، ئەم موقەدەسەی دروستیدەکەن جیاوازییەکی لەگەڵ موقەدەسکەی دیکەدا نییە و هەر هەمان کارکتەر ئەشت هەمان فەزای ژیانی تایپە ئایدەلۆژیەکانی دیکە دروستبکاتەوە و، موقەدەس بوونەکەی خۆی بکاتە دینەمۆیەک بۆ کوشتنی ئەو ئازادییەی لەناو جەوهەری شەشدا هەیە. کاتەک فەزای بۆ موقەدەسکردنی سەرکردەکان دەبەتە رەتینەکی ئاسایی حیزب و ژیانی گشتی ، ئیدی بیر لەوە دەکەنەوە هەر موقەدەسەک پێویستە شوێنکی بەرزی هەبێت لەو شوێنەوە بۆ دونیا و خەڵک بروانێت.

" لەو رۆژەوە دەبوو هەندە لە سەرکە ئەفسانەییەکانمان لەسەر گردی بەرز بژین و بنژڕن." ئەم رستەیە سەرتایەکە بۆ جیهانکی دیکە، جیهانەک کەی گشتی کەمەگە لەناو دەقەکەدا بەوە رازین سەرکی حیزبەکان ئەفسانەن و موقەدەسن، نەک هەر ژیانیان، پێویستە مەرگیشیان جیابکرێتەوە و تەکەڵە بە مەرگی ئەوانی تر نەکرێت. موقەدەس بوونەکە دەگاتە ئاستەک هەریەکەو پێویستە لەسەر گردەک بژیت و لەسەر گردەک بنژڕت. بە ئەوەی لەو بەرزاییەوە شکەی دەرکەوت و تارمکەی و ژیانە تایبەتییەکەی تەکەڵە بە ژیانە گشتییەکە و گەرستانە گشتییەکان نەکرێت.

ئەم جیاکردنەوەی سەرکردەی موقەدەس و ئەفسانەیی حیزبی، دروستکردنی کەمەگەیەکە لە دەرەوەی عەقڵ و بیرکردنەوە و دەورەدراو بە کەمەک موقەدەس، کە لە جەوهەردا هیچ کام لەو سەرکردە حیزبیانە نە ژیانکی نوێ و نە دونیایەکی نوێیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، لەبری ئەوە مژووکی پێ لە وەهمی موقەدەسکراو دەگوازنەوە بۆناو شارکان

و، چینەکانی ناو کۆمەڵگە دابەشدەکەن بەسەر رەنگە ئایدۆلۆژییەکان و، لەناو فەزای تراویلکەیدا خەیان دەکەنە موقەدەس و کۆمەڵگەش بەرێك دەکەوێت. لە بەرێکەوتنەکاندا تەنها وەهمەکانن کۆمەڵگە بەرەو دەبن و واقیعی ژیان دەگۆڕێت بە وەهمی ژیان.

لە کوانێکدا (لەرەدا لە دەق دەمە دەرەوە و دەق دەکەمە دەلاقەیەك بە بینینی واقیعە گشتییەکەی کۆمەڵگە. دەتوانین زەر بە ئاسانی دیمەنەکانی ناو دەقەکە دەرك بکەین و جارێکی دیکە خوێندنەوە بە ئەو واقیعە بکەینەوە، دەقەکە لێیەوە دەروانێت. واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەمە، واقیعێکی نادروستە. واقیعێکە هەرچەن لە دەقەکەدا فەزای تراویلکەیی هەیە، لەناو واقیعێکشدا ئەو فەزا تراویلکەییە هەیە. هەرچەن لە دەقەکەدا سەرەتای هەناوەی تەرمێك دەبەستە سەرەتایەك بە دروستکردنی دونیایەك لە موقەدەسی دیکە و کۆمەڵگە دابەشدەبێت بەسەر موقەدەسە حیزبییەکاندا، کە خودی کۆمەڵگە دروستیکردوون، لەناو واقیعێکشدا بەر هەمان دەخ دەکەوینەوە.

ئەو پیرەزیی و موقەدەسانەی حیزب و ئایدۆلۆژیاو دەسەڵات دروستیاندەکات، لە غیابی عەقڵ و هوشیاریدا دروستدەبن و، فەزایەك دروستکراو لەم فەزا ناروونەدا، لە غیابی عەقڵ و هوشیاریدا، هەمیشە پیرەزی نوێ و موقەدەسی نوێ بەرهەم دەهێنرێت. هیچ کام لەو پیرەزی و موقەدەسانەش ناتوان ژیانێکی نوێ دروستبکەن و دونیابینییەکی نوێ بخەنە ناو کۆمەڵگەوە. لەبری ئەوە پاسەوانی مەزارە پیرەزەکان، لە پاسەوانی مەزارکانەوە دەبنە پاسەوانی ژیانی ئەویتر. دەخێکی فاشییانە دروستبووە، لەرگەی زمانی دەمامکەکانی ناو دونیای شاشکانەوە، هەموو ئەویترێکی دەرەوەی حیزب دەکەوێتە بەرنەفرەت. هەرحیزب و ئایدۆلۆژیایەك دونیایەکی تایبەتی بە خۆی دروستکردوە، ئەو دونیاتایبەتییەی بریتییە لەوەی: ئەوەی لەگەڵم نەبووە، ئیدی نەفرەت لێکراوە. لەناو دونیا تایبەتییەکەی خۆشیدا موقەدەسێکی دروستکردوە، قسەکردن و رەخنەگرتن لەو موقەدەسە دەبەتە بنەمایەك بە نەفرەتکردن لە کەسی رەخنەگرت و گومانکەر. فەزای ناعەقڵانی فەزای گشتی دەقەکە و فەزای گشتی واقیعەکەش. نووسەر لە رەگەی ئەم رەمانەوە دێت هەموو ئەو دیمەنانەمان بە روندەکاتەوە کە ئەشت ئەمە لە واقیعدا دەرکی بکەین، یان بەری بکەوین، بەڵام دەقەك دێت ئەم دەرککردن و بەرکەوتنە پیشاندەداتەوە و مانایەکی دیکەی پێدەدات.)
لەپشت ئەم موقەدەسانەوە، دونیایەك لە وەهم ئامادەیی هەیە. وەهم

بە ڕەنگی جیاواز و شێوەی جیاواز، وەهم بە گوتاری جیاواز و دەنگی جیاواز، وەهم بە گشتی و وەهم بەتایبەتی، وەهم بەهەموو تایپەکانییەوە. وەهمێك کەسی ناو فەزا گشتییەکە لەگەڵ خۆیاندا هێنابێتەوە و دیگوازنەوە بۆ شوێنەکان و بە کارەکتەرەکانی دیکە. ئەم وەهمە لە شوێنەکدا وەهمی شێوە و لە شوێنەکدا دەهمی دژە شێوە.

بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا وەهمە. وەهمی پاڵەوانی ناو ڕەمانەکە، لەو چرکەساتەوە دەستپێدەکات نازانێت ئێوەی دیبێنێت واقیعە، یان ڕاستی. نازانێت ئێوەی بڕیدەکەوێت بوونی هەیە، یاخود تەنها وەهمێکی لەناو خەیال و بیرکردنەوەی خۆیدا دروستیکردوە. خودی پاڵەوان وەهمناسەکە و توشی وەهم دەبێت! فەزا گشتییەکە بە جۆرێك کردەکان و جووڵەکان و دیمەنەکان دروستدەکات، ئیدی وەهمناس خۆی دەبێتە کارەکتەرێکی وەهمی و گومان لە واقیعی بوونی خۆی بکات. ئەم وەهمانە وەهمی گشتی نین بە واتایەك یەك جۆر وەهمبێت.

هەر گروپێ و تایپ و ئایدۆلۆژیایەك وەهمی تایبەت بەخۆی هەیە و شوێن وەهمکانی خۆی دەکەوێت. تەنانەت کارەکتەرێ بەباکەکانیش وەهمێکی بەباکانەیان دەرهەق بە دونیا و ژیان بە دروستبووە. بە ئێوەی نمونەیەك بهێنمەوە زیاتر دەقەکە ئاسانبکات، نمونەی شاشیی دەهێنمەوە، ئەو نمونانەی ئەکرێت هەریەك لە ئێمە ڕۆژانە بڕیبکەوین.(لەپشت شاشکانەوە کەمەك کارەکتەرمان هەیە، هەمانە لە دونیای دەرەوە دژیت و هەزاران فرسخ لە نیشتیمانەوە دوورەوە، داوای شەشدەکات بە هەموومان، دەیەوێت لە ڕێگەی شاشکانەوە شەرشەك بڕپابکرێت، بەبێ ئەوەی خۆی ئامادەیی هەبێت لە کردەکە و لە واقیعەکە، شاشە بە ئەو وەهمکە بتوانێت شەشی تیابڕپابکات، یان وەهمی شەش بەاودەکاتەوە و خەشی لەدەبێتە پەشرەوکی ناو وەهمکە.

یاخود کارەکتەرمان هەیە لەوەهمی چەقبەستویدا، کە پێی وایە هەرگیز هیچ گۆڕانکارییەکی رادیکاڵانە لەناو کەمەگە دروست نابێت و دەبێت بەباکانە سەیری هەموو ئەو ڕووداو قەناغانە بکەین بەسەر ژیاندا تیدەپەڕن.) ئەم دوو نمونەیە دوو لە نمونە وەهمییەکانن، لەناو دەقەکەدا چەندین نمونەی لەم جۆرە بوونی هەیە. کارەکتەری دەلاکەکە، کاتێك دەرکدەکات هەزی شەش چوێتە ناو ناخییەوە، ئیدی پێیوایە لە کارەکتەرێکی ئاسایی خۆزانییەوە گۆڕاوە بە کارەکتەرێکی گشتی.

تەنانەت لە ناشتنی دایکیشیدا ئامادەیی نابێت، چونکە وەهمێکی بە

خۆی دروستکردوە کارنەقاڵی ناشتنی سەکردەی موقەدەسی لا گرنگترە لە ناشتنی دایکی. ئەو وەهمەی کە لەخۆی دەریچاندووە و جارێك لە بەرپرسیارییەتی بە دروستکردوە، کە کارەکتەری شەشگۆشە بە تەواوەتی گۆڕانکاری بەسەر خۆی و دونیاکەیدا دێت، وەهمێکە زۆرێك لە کارەکتەرەکانی دەوری گوتاری شەش لەناو دەقەکەدا توشی بوون.

لە و وەهمە کەمیدی تر ئەوەیە، شەش لەناو فەزای رەمانەکەدا، تەنها گوتارێکی بەناوە دەنگە دەنگ و باسکردنەکە و هوشیارییەك و جوڵەیەکی راستەقینەی لەگەڵدا نییە. بەشێکی زۆری ئەو کارەکتەرانەی لەدەوری ئەو گوتارە وەهمییە کەبوونەتەوە زۆر بەئاگان و هوشیارییەکیان لەسەر کردەی شەش نییە. تەنها دەزانن کارەکتەرێکی موقەدەس هاتووە و دەیەوێت هەموشتەك کۆتایی پێبهێنێت و ئەو ویستانە بەرهەمبهێنێت، لەناو وەهمی شەشگۆڕە وەهمییەکاندا دروستبووە. کاتێکیش کارەکتەری موقەدەس دەمرێت، هەموو شونکەوتوانی شوێن وەهمەك دەکەون، هەرگیز ئەو وەهمیان بە تەحقیق ناکرێت و لە ناو دونیاکەی خەشیاندا پێیانوایە کاری زۆر گەورە و مەزنیان کردوە و چاوەڕێی کاری گەورەتر لەخۆیان دەکەن و کارەکەشیان کار نییە، وەهمە لەناو فەزای تراویلکەیی.

لەتەنیشت ئەم وەهمی شەشەوە، وەهمی دونیای چەقبەستوو، رازیبوو بە رابردوو، رازیبوو بە مەژووی کۆن و، درێژکردنەوەی ژیان لەسەر حیکایەتە کۆنەکان، فەزای بەشێکی زیانی ئەوانی ترە. هەرسی تایپەکە، سێ تایپن لەناو خەیاندا دونیایەکی وەهمیان دروستکردوە. بەشێکیان لەگەڵ موقەدەس و مەژوودا رەوتی ژیانی خۆیان دەکەن و ئامادەنین هیچ گۆڕانکارییەك لە ژیاندا دروستبکەن و خەمی گەورەیان ئەوەیە، گۆڕانکاری لەو مەدڵەی ژیانیاندا دروستبێت. بەشێکیان بەرگری لەو مەژووە دەکەن بە سەروەری دەزانن و پیرۆزیان کردوە و پێیانوایە ئەو سەروەریانەی مەژوو بەسێ بە ئەوەی تا هەتایە لەژێریدا بژین.

بەشی سێهەم لەناو وەهمی شەشدا بە دەوری دووبارەکردنەوەی مەژووەکدا دەسوڕێنەوە.، کە ئەو دووبارە کردنەوەی مەژووە وەهمکان و موقەدەسەکانی ترسناکترن لە وەهمی دوو تایپەکەی دیکە. لە کۆتایی هەر سێ وەهمەکەدا، ئەوەی باڵادەستە فەزا تراویلکەیەکەیە، کە دەتوانێت هەرسێ ئایدۆلۆژیاکە بە وەهمکانییانەوە لەناو خۆیدا ونبکات و فەزایان بە دروستبکات لەو فەزا دروستکراوەدا، رووبەری وەهمەکانی خۆیان فراوانبکەن و لەناو ئەو رووبەرە وەهمیەدا مەژووەکەی پێ لەوەهم بنووسنەوە. لەیەك کاتدا وەهم و شەش و

موقەدەس، رووبەرێکی فراوانی دەقەکە داگیردەکەن و، لە هەمان کاتیشدا فەزای گشتی رەمانەکە، چونکە فەزایەکی تراویلکەییە هەرسە چەمکەکە لەناو خەیدا وندەکات و وەك یارییەکی سەرابی مامۆیان لەگەڵ دەکات. هونەری گەورەی ئەم رەمانە لەو فەزا تراویلکەییەدایە کە نووسەر توانیویەتی دروستبیبکات و دونیایەکی تایبەت دروستبکات، کە لەو دونیا تایبەتییەدا بەر کەمەك چەمك دەکەوین، بەبێ ئەوەی ئەو چەمکانە مانای خەیان بەتەواوەتی تەحقیق بکەن و مانای خەشیان ونبکەن!

ئەکرێت لە کۆتایی ئەم سەرنجەدا بڵێم: ئەمە تەنها وەك سەرنجەك لەم وەربگرن. نەهاتووم لیکۆڵینەوە بکەم تا لە هەموو گۆشە نیگایەکەوە دەقەکە بخوێنمەوە. بەڵکو بۆشوویەکی گشتی سەرنجم لەسەر فەزای دەق و سێ چەمك خستوەتە روو.

نەبەز گەران

تێبینی:
ئەو رستانەی لەناو وەرگوەدان".." رستەی ناو رەمانەکەن.

ڕۆمانی دەریاس و لاشەکانی بەختیار عەلی ...یاسین لەتف

کۆنتەکستەك گوزارشته له پرۆژەی فەلسەفی فاشیزمی ڕۆژهەڵات

دوا ڕۆمانی بەختیار عەلی ((دەریاس و لاشەکان)) تەکستێکی ئەدەبیە بۆ هەخنە گردن لە چەمك و ئەکتی شڕش کە کارەکتەری فاشیزم بەرهەم دێنێت, چەمکی شڕش لە ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی بەختیار عەلیەوە دونیایەك دەخوڵقێنێت پڕ لە نەهامەتی ، مەژوویەك پڕ لە خوێن و کوشت و کوشتار ، ئەو پڕیوایە فگەری شڕشگڕ لە ڕۆژهەڵات بە ئیمانێك گڕش کراوە هاو شۆوەی ڕاهبێك کە هەمیشە بۆ ئیمان و دینەکەی بەندایەتی خۆی ڕا دەگەیەنێت .

لای تاکی ڕۆژهەڵاتی فەلسەفەی سیاسەت بریتیە لە پوچێتی ، گەمەی

سیاسەت لای مرۆڤی چەپ ئاتی هونەرو زانست نییە بۆ کارگێڕی و بەڕێوە بردن و زانستی گەشەپێدانی وڵات و هۆفاهیەتی ژیان و ئازادی ئینسان ، چونکە سایکۆلۆژی تاکەکان بە چەشنێك پەروەردە کراوە بە لایەوە سیاسەت بریتیە لە درێ کردن وەکو هەموو ئەو درۆکانی تر کە چۆزانە دەرخواردی دەدرێت لە نێو خەڵزان و پەرەستگاو کەمەگاو قوتابخانەو تەنانەت لە زانکۆش ! خودی کایەی سیاسەت لەو بەهایانە داماڵنراوە کە ئامانجی خزمەت کردنە بە ئینسان ، سیاسەت بووە بە بزنزی ئیمان و دینداری بۆ فریودان و گەوجاندن ، هەروەها لە نێو سیاسەتیشدا خودایەك دروست دەکەن وەکو فریاد ڕەسێك دەیپەرەستن ، بۆ ئەوەی ئەو خودا ئینسانەیان خواستەکانیان بهێنێتە دی پابەند دەبن بە فەرمان و بڕیارەکانیەوە ، هەمیشە مل کەچ و زەلیلی گوتارو ئامۆژگاریەکانی ئەو بتە سیاسیەن کە کردویانە بە خودای خۆیان ،مرۆڤی چەڕەساتی خۆی دەکاتە قوربانی بۆخودای سیاسەت ، لێرەدا مەبەست خودای ئاسمان نییە بەڵکو نزیك کردنەوەی ئینسانی سیاسی موقەدەس و خودایە لە یەکتر ، بۆیە لە پەرەگرافێك لە ڕامانەکە دەڵێت : ـــ ((هەر کەسێك لەم مەملەکەتە دەچێتە سیاسەتەوە ،لە یەکەم ڕۆژەوە فێر دەکرێت ئامادەی شەهید بوون بێت ، ئەگەر چی سیاسەت بە گشتی لە سەر درێ بونیاد نراوە ، بەڵام پەروەردە کردنی مرۆڤەکان بۆ شهادەت هەم تووندگیرانەو هەم حەقیقەتە ، شەهید بوون ئەو سحرەیە کە بەرگی حەقیقەت دەکات بە بەری هەموو درۆکانی سیاسەتدا ،شەهید ئەو تارماییە سیحراوییە سەیرەیە کە کەس نازانێت چییە و کێیە ، بەڵام تا ئەم ساتە هەموو شادەمارەکانی ڕۆژهەڵات دەجووڵێنێت ، تا ئەم ساتە ئەو دڵی مژوو لەم مەملەکەتە دەخاتە لەرزە ،هەموو خەریکی ستایشی شەهیدەکانیانن ، هەتا شەیتانەکانیش بە بۆ شهادەت و شەهید بوون ناتوانن ئاڵای خۆیان بەرز بکەنەوە ..)) لە ڕۆژ هەڵات فاشیزم ئینسان وەکو ئامڕازکی شەڕ دەبینێت بۆ ئەوەی بکوژێت و بکوژرێت لە پێناوی کەڵکەڵە مەرگ دەستیەکانی ڕابەرە بە خودا کراوەکان ، تا شەهید زۆر تر بێت ماشینی جەنگەکان و تەمەنی فاشیزم درێژ تر دەبێت .

((یەکێك بۆی گەڕامەوە لە یەکێك لە شەڕە ناوخۆکانی کوردستان لە نێوان دوو میلیشیای تفەنگچی بە شەڕ هاتوو کە ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژرل بوون ، یەکێك لە سیاسیە بە خودا بووەکانی هۆزەکیان سەردانی شەڕەکە دەکات و دەبینێت شەهیدیان کەمەو کادرە سیاسیەکان لێیان شەهید نەبووە تۆڕە دەبێت و دەشیڵێنێت و دەڵێت بۆ شەهیدتان کەمەو کادرەکان لێیان شەهید نەبووە !!)) ئەوەیە فاشیسزم چەندە تینووی خوێن و لاشەی کوژراوە .. ئەم ڕامانەی بەختیار عەلی

((دەریاس و لاشەکان))لە گەڵ تێکستی ((هەورەکانی دانیال)) گوزارشتە لە پڕۆژە فەلسەفییەکەی بە ناوی ((فاشیزمی ڕۆژهەڵاتییەوە)) من پێموایە لێژیکی بیر کردنەوەو ئایدیای هەر بیرمەندێك پتر لە کەنتێکستە ئەدەبییەکانی هەنگدەداتەوەو بەمان ڕوون دەبێتەوە کە داهێنەری چ جۆرە چەمکێکی فەلسەفیە دەڵێز واتەنی .

فاشیزم و فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی و ئیمان و جەنگاوەرانی دوو بەرهەمی ناوازەی فەلسەفی بەختیار عەلین کە ڕیوایەتی مێژووی ستەمکاری و خوێناوی ڕۆژهەڵاتمان بۆ دەگێڕێتەوە لە سیاقو متنی پڕۆژەو چەمکی فەلسەفی بە ناوی فاشیزمی ڕۆژهەڵات ، ئەم سەر بوردەیە مێژووی ئەو چرکە ساتەیە کە فاشیزم لە نێو ڕۆحی ئیمانەوە هەڵدەقوڵێت و خۆی لە نێو دونیای سیاسەتدا مانفێست دەکات و دەبێتە دەعەجانێکی حەوت سەر و تەڕو وشك پێکەوە دەسوتێنێت و هەوڵی لە ناوبردنی شارستانیەتەکان دەدات ، بەڵام دەریاس و لاشەکان تێکستێکی ئەدەبیە بۆ ئەنالیزە کردن و قوڵ بوونەوە بۆ نێو کێشە سیاسیەکانی دونیای ئێمە و ئاشکرا کردنیان و دەست خستنە سەر بریندەکان و گرێدانی تەنگو چەڵەمەکانە بە چەمکی فەلسەفییەوە ، بۆ ئەوەی چارە سەرێك بۆ ئەو کێشانە بدۆزینەوە ، ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێت ئیمانی قوڵی تاکی ڕۆژهەڵاتی بە خورافەو هەزێکی متافیزیك بووەتە حەقیقەتێکی ڕەها و موقەدەس بۆیە هەمیشەو لە هەموو قۆناغەکان بە شوێن ئەو هەزە ووڵ بووەدا دەگەڕێت و سەر ئەنجام لە فۆگەرێکی کارەزمادا بەرجەستەی دەکات و دەیکاتە ئابەڕو سەر کردەی خۆی و وەکو خودایەکی ئینسانی دەیپەڕەستێت و تەنانەت بە مردوویش مل کەچی ئەو گوفتارانەشی دەبن کە پێشتر وەکو ڕێچکەیەك پێی ئالودە بوو بوون .. کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە ((دەریاس و ئەلیاس)) دوو بران ،بەڵام بیر کردنەوەو دونیا بینیان بۆ دەورو بەرەکەیان و تێگەیشتن بۆ گۆڕانکاری زۆر جۆازە ، شوناسی ئەلیاس فۆگەرێکی شۆڕشگێڕ و توندو تیژ بەڵام کۆیلایەتی خۆی بۆ سەرکردەی کارەزما ڕا دەگەیەنێت و دەبێتە ئیماندارێکی بە وەفای ئایدۆلۆژی حیزب و بە ناو شۆڕش ، ئەم کارەکتەرەی شۆڕش لە نێو خوێن و کوشت و کوشتار دا هەمیشە خولیای تەقدیس کردنی ژنراڵی سەر کردەیە وەکو خودایەکی سەر زەوی ئەگەر چی سەرکردەکەی دەمرێت ئەو دەبێتە پاسەوانێکی بە وەفای گۆکەی وەکو پەرەستگایەکی موقەدەس دەیپارێزێت و ئێشکی بۆ دەگرێت .

بەڵام دەریاس شوناسێکی ئارام و سایکۆلۆژیایەکی نەرم و نیان کە بۆزی لە توندو تیژی و خوێن ڕشتن دەبێتەوە ئەم دۆخە سایکۆلۆژیایەی دەریاس لەپەڕوەردە و کولتورێکەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە

ژئاواوە لە کاتی خوێندن بە دەستی هێناوە .دەریاس مژووی ئەم ولاتانە دەپشکنێت سەری لە نێو پەرتوك و بەگەنامەکانە بێ ئەوەی ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆ سۆسیۆلۆژیانە بزانێت کە تاکی ژێژهەڵاتی ئاراستە دەکەن و دەیکەنە ئامرازکی گوێڕایەڵی خودا سیاسیەکان ، دەریاس بە شێوەیەکی عەقڵانی بیر دەکاتەوە و دەیەوێت بزانێت تاکی ژێژهەڵاتی بێ هەمیشە خەون و خولیای دروست کردنی ئینسانی دکتاتۆرو خوێن ژێژو درێزنی سیاسیە بە ناوی سەرکردەو فریادڕەسەوە .

ڕاستیەك هەیە نابێت خەمانی لێ بدزینەوە ئاین و ئیمان وەکو تەونی جاجاژکە عەقڵی مرۆڤی ژێژهەڵاتی تەنیوە ، مرۆڤی ئێمە هێشتا نەیتوانیوە ئەو تەونە ونجرَ ونجێ بکات و خێی لەو تەزگەیە ڕاپسکێنێت و ڕزگاری ببێت لە دونیای جهل و خورافەو ئەفسانە . مرۆڤی ئێمە دژە عەقڵە و عەقڵی ناکاتە پێوەر بێ ووردبوونەوە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ڕوداوو پێشهات و گۆڕانکاریەکانی دەوروبەرمان ، ئیمان و ئاین و مەزهەب سەنتەزە بێ تێگەیشتن و ڕامان و بیر کرنەوە لە دونیاو دەورو بەر .

مرۆڤی ئێمە لە لایەن کۆمەڵگاوە لە ڕوانگەی بەر تەسکی ئاین و مەزهەبەوە پێناسە دەکرێت و شوناسی پێ دەبەخشرێت وئەخلاقی بێ دیاری دەکرێت ، لە دونیای ئێمەدا چاکەو خراپەی ئینسان و مرۆڕ بە پێوەری ئاین دەپێورێت ، بۆیە بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەی دا ئاین و سیاسەت و حیزب و شێش وەکو فاکتەرگەلێك دەبینێت بێ بە کۆیلە کردن و ڕام کردنی ئینسانی ئێمە ، هەروەها بە دەوری خێی ڕام کراوو کۆیلەکانیش مرۆڤی فریادڕەس و ئەفسانەو هەژمونگەرا و سیستەمی سەرتاپاگیر بەرهەم دێنن کە جۆرێکە لە فاشیزم .
بۆیە زۆربەی کات فاشیزم و کارەکتەری فاشیزم لە دوو توێی ئیمان و ئاینەوە سەر دەر دێنێت .
قەدەری مژووی کۆمەڵگاکان و دورگەی ژێژهەڵات وا بووە کە تەواوی ئاینە سەماویەکان ((یەهودی ، کریستانی ، ئیسلام)) و هەروەها ئاینە زەویەکانی وەکو ((زەردەشتی ، بوزی ، کۆنفۆشیزم)) لێرە سەر هەڵبدەن و ببنە بەڵایەك و لە گەردن و عەقڵی ئینسانی ئێمە بئاڵێن و ببنە بەر بەستێك بێ دابڕان و کرانەوەو گواستنەوە لەم قۆناغە چەق بەستووە بەرەو قۆناغێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نوێ کە تێیدا لە جیاتی توندو تیژی و شەڕو خوێن ڕشتن ، یەکتر قبوڵ کردن و پێکەوە ژیان و خۆشەویستی ببێتە بنەمایەك بێ ژیان و جوان کردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی . پاش کوشتنی ژنراڵ بیلال لە لایەن نۆباری ئەشکزادەوە

که کاتی خەمینی ئاگەیاندنی شکۆش هاتووە خەڵك بە لێشاو بە چەکەوە دەژینە سەر شەقامەکان و خوێن ڕشتن دەست پێدەکات، ئەو وەستەی کە پێشتر ژنراڵ بیلال کرد بووی کە لاشەکەی لە لایەن دەریاسەوە بنژرێت دەریاس فەرمانەکە جێبە جێی دەکات و هاو کاری ئەرشەد ساحیب دەکات لە شاردنەوەی لاشەکەی ژنراڵ بیلال دا .

ژنراڵ پێیوابوو دەریاس ئەو هۆشنبیرەیە هەرگیز ناچێتە ڕیزی حوکمڕانیەکانەوە زۆر بیزی لە جەنگو کوشتو کوشتار دێتەوە ، هەمیشە خولیای ئەوەیە دونیا ترسناك تر نەبێت ، زۆر متمانەی بە دەرساس بوو ، دەیزانی دەریاس خەون و خولیای ئەوەیە مانای ژیان لە هەموو شوێنکی دونیا هەرەس نەهێنێت ، لەکۆتایدا کاتێك دەریاس حەقیقەتی شاردنەوەی لاشەکەی ژنراڵ بیلالی بۆ دەر دەکەوێت کە ئەرشەد ساحیب چیرۆکەکەی بۆ دەگەڕێتەوە هەستکی سەیری لا دروست دەبێت کە کەوتۆتە نێو تەڵەیەکی گەورەوە و فریوی خواردووە بۆ ئەوەی خۆی پێی بزانێت ، وەکو ئەکتەر نمایشی پێکراوە هاو شێوەی ئینسانە سادەکانی نێو شار کە بەر بوونەتە کوشتنی یەکتر بە سیاسیە گەندەڵەکان ، هەستی کرد کەوتۆتە نێو تەڵەزگەی ئەو پیلانەوە کە سیاسیە گەندەڵەکان بۆیان داڕشتووە .

پاش ئاشکرا بوونی ئەو ڕوداوە قزەنە کە بۆ دەریاسیان دا ڕشت بوو سەری خۆی هەڵدەگرێت و کەس نازانێت دەریاس بۆ کوێ چوو ، ەنگە پاش نائومێد بوونی لە نێو جەنگو کوشتاردا دەریاس گەڕا بێتەوە بۆ ئۆرپا.. بەڕام وەنای ستاتیکای ڕوداوەکانی کۆنتڕکستی ئەم ڕمانەی بەختیار وەکو بەرهەمکی ئەدەبی بۆ گوزارشت کردن و درَۆژە پێدان و شرۆقە کردنی پرۆژە فەلسەفیەکەیەتی بە ناوی ((فاشیزمی ڕۆژهەڵات)) هاو شێوەی جان پۆڵ سارتەر وەکو نمونەیەکی زیندوو ئەو چۆن بەرهەمە ئەدەبیەکانی پتر پرۆژە فەلسەفیەکەی بە ناوی ((بونگەرایەوە)) ڕوون دەکاتەوە .

بەرهەمە ئەدەبیەکانی شانامەی ((زیندانەکانی ئاڵتونا)) و هەروەها ڕمانەکانی ((ڕاگردنی جێبەجێ کردن)) و ((ساڵی پێگەیشتن)) ئەو شاکارانەن کە سارتەر تێیدا پرۆژە فەلسەفیەکەی بە ناوی بونگەرایەوە ڕوون دەکاتەوە کە گوزارشت کردنە لە ئازادی ئینسان ، پێموایە وەرگر پتر دەتوانێت لە ڕێگای شاکارە ئەدەبیەکانەوە لە ئایدیاو فەلسەفەی سارتەر تێبگات . تەنانەت پەرتوکە گەورەکەی بە ناوی ((بوون و نەبوون)) هێندەی شاکارە ئەدەبیەکانی نەیتوانیوە بە شێوەیەکی چۆ پێ کێی بیر کردنەوەی سارتەرو پرۆژە فەلسەفیەکەیمانی پێ بناسێنێت . کەواتە تێکستی دەریاس و لاشەکان وەکو شاکارێکی

ئەدەبی بۆ شڕۆڤە کردنی چەمکی فەلسەفی فاشیزمی ڕۆژهەڵاتیە ..

پرسیارکردن لەتاریکی و گەڕان بەدوای وەڵامدا… سەدیق سەعید ڕواندزی

ئیدی نووسەر باس لە ڕۆمانی کوردی و بەشێك لە ڕۆماننووسانی ئێمە دەکات کە چ ڕۆیکیان بینیوە لەکرانەوە و دەوڵەمەندکردنی پاشخانی ڕۆشنبیری ئەو وەك خوێنەرێك.

هەمیشە لەگەڵانەوەی بیرەوریيەکاندا، بگرەوە یاخود کارەکتەری ڕووداوەکان، چەقی باسەکان دەبێت. یاداشت و بیرەوەری، بەو پێیەی دەچنە خانەی نووسینەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤ وەك تاکێك، ئیدی یادەوەرییە کەسییەکان پانتایی گەڵانەوە دەگرن. چونکە دواجار ئەوەی دەنووسرێتەوە و بەرباس دەدرێت، ژیانی نووسەرکەیە. گەڵانەوەی بیرەوەرییەکان، پترئەزموونکی خودی و کەسین لەوەی گشتی و بابەتی بن. بەڵام گەلێك جار لەپەراوێزی گەڵانەوە خودییەکان، ڕووداوە سیاسی و مێژوویی و فەرهەنگییەکان، دەبنە بەشێك لەکرداری گەڵانەوە. بۆیەشە کاتێ ئەو ئەزموونانە دەخوێنینەوە، دەبینین خوێنەر هەرتەنها بەر ڕووداوە تایبەتی و کەسییەکان ناکەوێت، بەڵکو لەپەراوێزیەوە ئاشنای ڕووداوەکانی دیکەش دەبێت کە پەیوەستن بە ژیانی گشتی کۆمەلگاوە.

ئەم جۆرە لە گەڵانەوەی بیرەوەرییەکان، دەکرێ بڵێین لەیەك کاتدا بێگرافیاو مێژوون. چونکە لەلایەکەوە بێگرافیای ژیانی نووسەرەکەمان دەکەوێتە بەرچاو، لەلایەکی دیکەشەوە چەندین دیاردەی فەرهەنگی و مێژوویی.
ئەم تێکهەڵکێشیە لەنێوان سێبژێکت و ئۆبژێکتدا، دەروازەیەك بەرووی خوێنەردەکاتەوە کە تیایدا لەنزیکەوە ئاشنای سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراو بێت. وەك ئەوەی لە بیرەوەریی سیاسییەکاندا دەزانین لە شاخدا چی گوزەراوەو دیوەنهێنییەکەی شۆشی کورد چۆن بووە.

بەهەمان شێوە هەنگە لە گۆڤارەوەی مێژووی تایبەتی ژیانی نووسەرێکیش، خۆنەر بەر چەندین دیاردەی ئەدەبی بکەوێت، کەنووسەر گەواهیدەری ڕووداو و بینییان بووە.کتێبی(پرسیارکردن لەتاریکی) یەکێکە لەو کتێبانەی کە من تیایدا هەرتەنها خودنییە، بەڵکو بابەتیشە. چونکە ئەو منە هەر تەنها گوزارشت لەخود ناکات و خود ناگۆڕیتەوە، بەڵکو بابەتیش باس دەکات.ئەم کتێبە ئەگەرچی بە جۆرێك لە جۆرەکان دەچێتە خانەی گۆڤارەوەی ژیاننامە، بەڵام پتر هەڵوەستەکردنێکە لە ئاست دنیای ڕەشنبیری ئێمە لەچەند سەردەمێکی جیاوازدا.هەنگە هەرلەبەر ئەمەش بێت کە نووسەرەکەی ئاگاییانە پێناسەی کتێبەکەی بە(ناسنامەی ئەدەبی) کردووە نەك یاداشت و بیرەوەری.بەگومان بەستنەوەی ئەزموونە کەسییەکان بە ئەزموونە گشتییەکانی پەیوەست بەکەمەلگاوە، دەروازەیەك بە ڕووی خۆنەر دەکاتەوە کە ئەگەر بچووکیش بێت، وەلێ لەکاوەڕۆژنەیەوە ئاشنای ڕابردووبێت.ئەم کتێبە کە لەچەند بابەتێك لە ژێر ناونیشانی جیا پێکهاتووە، لەهەریەك لەبابەتەکان نووسەر لە پەراوێزی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی، ئاماژە بە مێژووکیش دەکات. سەرەتا باس لەسەرەتاکانی ساڵانی شەست و لەدایك بوونی خۆی دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا، نووسەر ئاماژە بەهەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەو کات دەکات. دواتر باس لە ستراتیژیەتی شۆڕش بەگشتی و ئامانجی شۆڕش دەکات و ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کەئەگەرچی کورد خاوەنی چەندین شۆڕشە، بەڵام نەتوانراوە،ژیانی مرۆڤی کورد بگۆڕن.

ئاماژە بەوە دەکات کە هێزە سیاسییەکان ئەوەندەی لە ململانێی یەکتری و هەوڵی سڕینەوە و پاوانخوازی دابوونە، ئەوەندە شۆڕش نەبێتە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەژیانی ئێمەدا. ئەگەرچەپ وەك چەمکێکی سیاسی وبیرو باوەڕێکی کراوەو پێشکەوتنخوازانە وەربگرین،ئەوا لە کەمەلگای کوردیدا بە پیچەوانەوە، بیری چەپخوازی هیچ ڕۆڵێکی نەبینیوە،چونکە حزبە چەپەکانی ئێمە نەیانتوانیوە بیری چەپخوازی بگونجێنن لەگەڵ تایبتمەندییە فەرهەنگی و کەمەڵایەتییەکانی کەمەلگای کوردی. بۆیەنووسەر ڕەخنەی شۆڕشەکانی کورد دەکات کە ئەوەندەی تربوونەتە مایەی نائومێدکردنی تاکی کوردی.

بەشێکی زۆری مێژووی هەموو حزبە سیاسییەکانی ئێمە، مێژووێکە لەبەیەك هەڵشاخان و ململانێی و پەنابردنە بەر زمانی چەك،لەبری زمانی فیکرو دیالۆگ. بۆیە نووسەر وەك تاکێکی ڕۆژهەڵاتی، بەبۆای من وەك خۆنەرێك بە نائومێدییەوە دەڤانێتە شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست.

لەبەشێکی دیکەدا، نووسەر ئاماژە بەوە دەدات کەکاتێ ئەو پێلی سێی ناوەندی ئەو کاتی تەواو کردووە، ماڵمانی کوردیش پێنگاقێکی هاویشتووە. ئەویش بەبڕاوکردنەوەی ماڵمانی نازە، ئەگەرچی تیمەی ماڵمانەکە بابەتێکی سیاسیش نەبووە. لێرەدا نووسەر لەبەرامبەر ئەزموونێکی تایبەتدا، هاوتەریب باس لە ئەزموونێکی گشتیش دەکات کەئەویش ماڵمانی کوردییە.

ئیدی نووسەر باس لە ماڵمانی کوردی و بەشێك لە ماڵمانووسانی ئێمە دەکات کە چ یەکیان بینیوە لەکرانەوە و دەوڵەمەندکردنی پاشخانی ڕۆشنبیری ئەو وەك خوێنەرێك. لەلایەکی دیکەوە نووسەر بەکورتی باس لەبەرجەستە کردنی ئاستەکانی زمانی شیعرو دەربڕین دەکات لە نێوان ساڵانی سەرەتای هەفتاکان و قۆناغی ڕوانگە، هەروەها سەرەتای هەشتاکان و قۆناغی تەلیعیەکان. بەبۆای نووسەر زمانی شیعر لەسەردەمی ڕوانگەدا،زمانی ئاراستەکردن وسیاسەت و نوێبوونەوەی نۆوشاری هەگرتبوو، زمانێك بوو لەخەمی شاروئایدۆلۆژیا دابووە.خەمی ڕوانگەخۆی لە ئاراستەکردنی هەمزی ناسیۆنالی دابووە. بەڕام زمانی شیعری هەشتاکان، زمانی مەعریفی و خودگەرایی بوو.ئاکامی شیعری هەشتاکان، دەکەوێتە نێوان چۆژو خودگەراییەوە. بۆگومان دیارە ئەمەش هۆنگدانەوەی هەڵومەرجی سیاسی ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردی بوو. چونکە شیعری هەشتاکان، پتر بەرەو هەمزییەت و تەمومژی مانا دەچوو،هۆنگدانەوەی قۆناغێك لەنائومێدی و ستەمی سیاسی و نەبوونی ئازادی و سەربەستی بوو.بۆیە لەشیعردا هەمز دەبێتە زمانی دەربڕین و گوزارشتکردن لەژیان، پێچەوانەی قۆناغی ڕوانگە، کەکەشێکی ئازادو سەربەست هەبوو بۆنووسین.

لەوتارێکی دیکەشدا، نووسەر هەخنە لەو دڕخە سیاسی و کۆمەاڵیەتییە دەگرێت کەلەدوای ڕاپەڕینەوە هاتە ئاراوە.بارودۆخێك کە تیایدا وەك خۆی دەڵێت کتێب و خوێندنەوە کەوتنە زبڕدانی مێژوو. خوێنەوە ئەو بەها مەعریفیەی نەما وەك ئەوەی لە ساڵانی هەشتاکاندا وەرای هەموو سانسۆرێك بەڕام خوێنەران و نووسەران، هێژەکانی هەفتە لە چاوەڕوانی ڕۆژنامە کوردییەکان دابوون.لەدوای ڕاپەڕین دەسەاڵتی کوردی نەیتوانی پێداویستییەکانی تاکی کورد دابین بکات.لەو ساڵەدا کەگەلی کورد ئازاد بوولە ژێرهەژموونی بەعس، بەئومێدو هیواوە دەیەوانییە ئایێندە.تاکەکان خەونی گەورەیان هەبوو،لە خەیاڵی داهاتووێکی پرشنگدار دابوون،بەڕام هەموو ئەو خەونانە ماوەیەکی کەم دوای ڕاپەڕین بەهۆی شەڕی ناوخۆو بارودۆخی سەختی ئابووری،

لەنۆو چوون. ئیدی مرۆڤی کوردکە هەشتا سەرگەرمی خۆشیەکانی ئاپەین بوو،وەك پۆویست چۆژی لەو ئازادییە نەبینی کە دوای نەمانی بەعس دروست ببوو.

بەدرێژایی ئەو کتێبە وەك خوێنەرێك بەردوو چەمکی گرنگ کەوتم کە ئەوانیش: چەمکی سەربەستی خود و خوێندنەوەبوون. نووسەر لە کتێبەکەیدا، هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ پۆویستە خۆی بێت و کۆیلەی هیچ ئایدیایەکی سیاسی و حزبی و گرووپگەرایی نەبێت. دەبێ تاکبوونی خۆی لەنۆو هیچ نەخشەیەکی گشتیدا نەتوێنێتەوە، بەکو هەگری شوناسی سەربەخۆیانەی خۆی بێت.چونکە زمانی شیعرو ئەدەب بەگشتی زمانی سیاسەت نین، هەرگیز زمانێکی سیاسی ناتوانێت زمانێکی ئاماسی بێت و جوانی و چۆژ بەرهەم بهێنێت.
بۆیە گرنگە مرۆڤەکان ئازادی و سەربەستی خۆیان بەهیچ پێدراوێك نەگۆڕنەوە. چەمکی دووەمیشیان خوێنەوە بوو. نووسەر لە پەراوێزی ئەزموونی ژیانی خۆیەوە ئەو پەیامە دەگەیەنێت، کە ئەگەر بمانەوێت نووسەرێکی داهێنەرو خاوەن ئاشنبیری بین، دەبێ خوێنەرێکی وردو جدی بین.بەبێ خوێنەوەیەکی هەمیشەیی وقووڵ، هەرگیز ناتوانین ببینە نووسەرێکی دیارو سەرکەوتوو.

خوێنەوە خراکی مەشکە، خوێنەوە لە نووسین گرنگترە. چونکە هەرخوێنەوەیە بەردەوام پەنجەرە جیاوازەکانی نووسین و ژیانمان بەڕووداو دەکاتەوە.دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە نووسینەکانی کاك عەبدولموتەلیب بەگشتی بێ من وەك خوێنەرێك جگەی بایەخن و دەیانخوێنمەوە، لەو سۆنگەیەشەوە ئەم کتێبەم خوێندەوە. بەهیوای درێژەدان بەنووسین بەناسنامەی ئەدەبی لە داهاتوودا.

_____

تێبینی/ لەپاپەی 79ی کتێبەکەدا، دووهەم لەبەرواڕەکان کراون کە یەکەمیان نووسراوە:(ڕۆژی 1991ی ڕابەڕینی گەلی کوردستان) دووەمیان:(دوای ڕاپەڕینی 1992.ی ڕابەڕینی گەلی کوردستان:) دوای کۆنگرەی یەکێتی نووسەران لە مانگی 3ی 1991لە شەقڵاوە). بەڵام ئەوەندەی من بزانم کۆنگرەی نووسەران لە مانگی تشرینی دووەم بەسترا نەك ئازار.

پەراوێز/ناوی کتێب (پرسیارکردن لەتاریکی) بابەت/ ناسنامەی ئەدەبی/ نووسینی(عەبدولموتەلیب عەبدوڵا)/ بڵاوکراوەی سەنتەری فیکری و ئەدەبی نما 2019.

زمانی دایک و پرسەی فێربوون! چەند بۆگۆیەک لە سەر زمان و فێربوون! … برایم فەقێشی

I

لە هیندی کۆنەوە، هەتا سەردەمی ئێنتیک، لە سەردەمی ڕۆشنگریی هەتا ئێستا، فەیلەسووفان و بیرمەندان، بیریان لە زمان کردۆتەوە و بە زمان باسیان لە زمان کردووە. بەرچاوترین تێگەیشتنی گشتی فیلسووفانی کۆن ئەوە بوو، "زمان، مرۆڤ لە زیندەوەرانی تر جیا دەکاتەوە"، هەر ئەوان گووتویانە " ئیمکانی بە ئینسانبوون، لە زماندا کە بوونەوە"، هەروەها گوتراوە "حەقیقەت لە ڕۆگای زمانەوە دەردەکەوێ"، ئەوەش گوتراوە کە درکەکردن تەنیا لە ڕۆگای زمانەوە، مەسەر دەبێ. زمان پرسیاری فەیلەسووفان بووە و فەیلەسووفانی سەردەمی نوێ، "هەبوون و دەرکەوتنی بوون، لە بوونی زماندا دەبینن" و پێناسەی دەکەن.

لە لایەنی بیلەژیی، ئینسان و زیندەوەرانی تر زۆر لە یەک جیاواز نییەن، جیاوازی لە بیرکردنەوە، تاقیکردنەوە و ڕاگوەستنی تاقیکردنەوەکانە، کە لە ڕۆگای زمانەوە سەر دەگرێ. تاقیکردنەوە و بەکارهێنانی تاقیکردنەوە، لە لای زیندەوەرانی جگە لە مرۆڤیش هەیە، بەڵام نازاندرێ کە ڕاگوەستنی تاقیکردنەوە لە ناو ئێواندا، لە تاکەوە بە تاک، چۆن سەر دەگرێ؟!

هەبوون، " دا- بوون"، کۆسایەتی، پێناسە و ناسنامەی مرۆڤ، بە بوونی زمانەوە بەستراوەتەوە، زمان کۆسایەتی، پێناسە، ناسنامە، دەردەخات! بەم پێیە، هەبوونی مرۆڤ لە بوونی زماندا خێی دەنوێنێ!

II

فێربوون (Learn, Lernen) پرسەیەکی سرووشتی یە و بە بوون، دەست پێدەکا و گرێدراوی بوونی زمانە. مەبەست لە زمان، دیاردەیەکی ئۆپێی "مادە"یە، کە گرێدراو لە گەڵ مێشک لە ڕۆگای دەنگ، پێیڤ، ڕستە و سیستەمی نیشانەکان، مانا بە "شتەکان" و "ناشتەکان" واتە مادە و نامادە، دەبخشێ! مێشک دەوری سەرەکی لە هەردوو پرسەی

فەربوون و پرسەی پێکهاتنی زمان و مانابەخشین بە نیشانەکان، دەگەڕێ. سیستەمی نیشانەکان، پێیڤ، گووتن، دەربڕین، بەرهەمی بیرکردنەوەیە، کە سەرئەنجامی کاری هاوبەشی لایەنەکانی مشکی ئینسانێ و پرسەی بە ملیۆن ساڵانی لە پشتە.
ئینسان بەی ووون نەبوونە کە، ئەو کەی و چۆن "زمانی ئاخاڤتنی" دەزیوەتەوە. بەڵام ووونە کە دوازدە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا یەکەم نیشانەکانی نووسین دەزراونەتەوە و لە سەر خشتی گڵ نەخشێندراوە کە لە مەزەپۆتامیا(ناوچەمان) دیتراوەتەوە!
III
بنەچەکی کورد هەر ناوکیان بووبە، یەک لە خەڵکانی ناوچەمان(مەزەپۆتامیا) ویەک لەو گرووپە گەڵکانەی نیشتەجێبووی ئەو دەوەرە بوون. زمانی ئەوان ڕێنگدانەوەی سرشتی خەیان و سروشتی ژینگەیان بووە و چۆنیەتی ژیان، پیشە، ئەرک، هەست و تێگەیشتنی ئەوان و بەچوونیان لە ژیان و جیهان و کائینات و دەرەوەی جیهانی مادی، دەردەخات، کە لە دەنگ، پێیڤ و هێستەی زمانی ئەواندا خۆی نووانووە.

دەمەکریتی یۆنانی "زمان، لە پەوەندی دەنگ و شت دا دەبینێ". بەرد، دار، ئاسمان، زەوی، گوڵ، گیا، ناوگەلی کوردین، کە پەوەندی دەنگ و شتەکان دەردەخەن. ناوهێنانی هەر کام لەو وشانە، مانا و حاڵەت لە مشکی بیسەری زمانەکدا، پێک دەهێنە. قورسکە قوروسک، لوورە لوور، هاسکە هاسک، نوزە نوزە، جوجکەجوک، قوولە قول تەنیا وێنەیەکی گچکەیە لە ڕێنگدانەوەی دەنگ، حاڵەت و سروشت لە زمانی کوردی-دا.
IV
زمان تەنیا کەرەسەی پێیڤینی نەوان مرۆڤکان و کەرەسەی کۆمەنیکاسیۆن نییە. سروشت بە گشتی و پارچەکانی سروشت، بوونی خەیان لە ڕێگای دەنگکانیانەوە دەردەخەن. زمانی ئەمەی ئینسان، تەنیا چێشنێکە لە کۆمەڵەی زمانە ناسراوەکانی باقی زیندەوەران. دەنگ و زمانی سروشت و پێکاتەکانی، بە ئەمە ناسراو ماوەتەوە، سروشت دایکە و زمانی دایک و بوونی زمانی دایک، زمانی سروشتی و سرشتی هەر ئینسانێکە.
مرۆڤ زمانی دایک فێر دەبە و ئاوێتەی گیان و هەست و تێگەیشتن و سرشت و سروشتی دەبە، وەک زمانی باڵندەکان، دەلفینەکان و هەر گیاندارێکی تر، وەک زمانی ئاو، با، وەرینی گڵەای دار.
هەرگیز ایە کە لە دارە دەوەرە
نووسراوەکە بە ناخش خوەرە
تاو هەناوی نییە وا مات و پشوو

لەشی زاماری دەکەشتە نشو
ەەژپەەە ساردە کزەی بای زریان
کاتە بە ژینی لە دەسچوو گریان

زمان تەنیا یەک چەشنی نییە و زیندەوەران و گوە وگیا هەر کام بە پەی چەنیەتی بوونیان دەدوەن. وەرینی گەەا ناخەش خەبەرە و دەرکەوتنی لە وەرزی بەهار خەش خەبەرە. خەبەر لە ەەگای زمانەوە دەت و دەچە. گەەا بە دەرکەوتنی لە وەرزی بەهار خەبەرەک و وەرینی لە وەرزی پاییز خەبەرەکی تری.

V

زمان بە بە مەشک کوتە گەشتەکە لە ناو زار، دەزگایەکی دەنگدەرەنانە لە ناو قوگ. زمان ناسەنەر و مایەی بوونی هەر تاکەک و هەر کەمەە کەسەکە. منی تاک لە ەەگای زمانەوە بوونم دەنوەنم، گەر زمانی گووتنم نەبە، بە زمانی لەش، جەستە، حاەەت و ەواەەت خەم دەنوەنم، خەم دەردەخەم. زمانی جەستە، زمانی گووتن، زمانی دەربەین، ئیمەی مرۆڤ دەناسینن. میاو میاوی زیندەوەرەکی وەک پشیلە مانای ئەوەیە کە من هەم، من لەرەم، من بوونم هەیە! بوونی زمان، نیشانەی بوون و هەبوون و دابوونە!

مەشک تەنیا ئەندامی ناو جەستەی زیندەوەرانە کە بوون وەک زیندەوەر دەگەیینەت، کە مەشک پرسەی بوونی خەی لە ناو مندالەدانی زیندەوەران بە ئینسانەوە بردە سەر، جەستە گیانی وەبەر دە، بە کامەبوونی مەشک، دەنگ، پەیڤ لە تەمەنی حەوت مانگان لە ناو مندالەدان دەگاتە گوە و مەشکی منداە، واتە بەر لەوەی منداە لە دایک ببە دەنگی دایک دەگاتە منداە و لە گەەی ادە و خووی پەدەگرە و ئەوەی دەیبیستە لە مەشکیدا تەمار دەکرە و دەبەتە بنەمای زمان، کە بە زمانی دایک پیناسە کراوە. زمانی دایک، هەمان "ناوەندی زمانە" کە لە مەشکدا شکە دگرە و بە ناوەندی زمان لە ناو مەشکدا ناسراوە. زمانی دایک گرەدراوی بوونی دایک و منداەە، کە پاش لە دایکبووون بەردەوام دەبە و دەربەیی هەست و نەست و بیروهەزری زیندەوەرەکە بە ناوی مرۆڤ.

VI

دابەان لەو پرسەیە، بە بەریکردنی منداە لەو پرسەیە، بە هەر هەیەک و جەگرکردنی زمانەکی تر بە جەگای زمانی دایک، شوەنی زمانی دایک کە بەر لە هەر شت گرەدراوی هەست و نەستی دایک و منداەەکەیە، پە ناکاتەوە، هەرچەند ەەنگە ئەو منداەە گەلەک زمان جگە لە زمانی دایک فەربە.

ئەم دابەشانە بە دڵگەشن لە ناو زیندەوەرانی دیکەدا هەوددا و بگرە هەو نادا، هیچ باڵندەیەک بە دەنگ و نەوایەک جگە لە دەنگ و نەوای خۆی نادەو. تەژیندەوەکان دڕیدەخۆن کە سیستەمی دەنگی گەلەک لە زیندەوەرانی جگە لە ئینسان، لە چەشنی خۆیدا زمانی ئاخافتنە.

زمانی دایک بە فڕبوونی زمان بنەما و بەیسی سڕکییە. لە ناو مەشکی ئینسان تەنیا یەک ناوەندی زمان هەیە و بە هەر زمانێک ناوەندێک نییە و ستروکتوری سڕکی زمان یەکە و زمانەکان کە لە پێش و دەنگ و هستە پێکهاتوون لەو ستروکتورەدا جێدەکرێنەوە، کە جیاوازی لە کودی زمانەکان و دەنگ و چنیەتی داشتن و بەکارهێنان و هەروەها چنیەتی بەکارهێنانی زمان وەک پلە گەشت، قوڕگ، ژیەکان و ورگ دایە، نەک لە جیاوازی ناوەندی زمان لە ناو مەشک.

نووسەری ئەم دێڕانە کە بەساڵان لە گەڵ دەنگ، زمان و هاهێنانی دەنگ و چنیەتی دەنگ و بەکارهێنانی، پیشەیی مامۆستای کردوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە جیاوازی کود و دەنگ و شێوەی بەکارهێنانی قورگ و ژیەکان و ورگ لە کاتی پێیقین بە هەر زمانێ، گرێدراوی زمانی دایکە، واتە کارتێکردنی زمانی دایک تەنیا لایەنی هەست و تێگەیشتن و دەربڕین نییە و لە سەر پێیقین بە زمانەکانی تریش کارلێتێکردنی دەمێنێ، مەگەر ئەوەی بە بەڕەنگکردنی کارتێکردنی زمانی دایک لە سەر پێیقیین بە زمانی تر، تەکنیکی هاهێنان بەکاربهێندرێ و ئاگایانە مامۆستا لە گەڵ بەکارهێنانی زمان بکرێ.

پێچەوانەی ئەم مامۆستاکردنە لە گەڵ زمانی دایک، کە منداڵ لەی بەبەری کرابێ، بە هەمان شێوە دەمێنێ، واتە گەر منداڵێکی کورد پاش لە دایکبوون، لە گووتن و پێیقین بە زمانی دایک بەبەری کرابێ و زمانی فارسی و ترکی و عاڕەبی و هەر زمانێکی تر، جێگەی زمانی دایکی گرتبێتەوە و دواتر بگۆڕێتەوە سەر فڕبوونی زمانی دایک، جگە لە نووقسانی لایەنەکانی دەروونی، پێیقین و گووتن و بەکارهێنانی زمانی دایک، کارتێکردنی زمانی بێگانە بە سەر ئاخافتن و تێگەیشتن و دەربڕینی هەست و بۆچوونیدا، دەمێنێ.

زمانی دایک کە ڕەنگدانەوەی کۆسایەتی، هەست و نەست و فەرهەنگی هەر منداڵێک، دەوری سەرەکی لە پرۆسەی گۆشەساندن و دەرکەوتنی لێهاتوویی منداڵ و پرۆسەی فڕبوون دەگێڕێ. ئەو منداڵەی کە لە کاتی چوون بە باخچەی منداڵان و خوێندنگە لە زمانی دایک جیا دەکرێتەوە و بە بەری دەکرێ لە گرنگترین تاقیکردنەوەی ژیان، واتە دەربڕینی هەست و تێگەیشتن و خۆدەرخستنی "خۆ" لە ڕێگای زمانی

دایک، دووچاریی گرفتی شاراوە دەکرێ، کە لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئاو شوێنانەی زمانی ترکی و فارسی و عەرەبی لە باخچەی منداڵان و خوێندنگەی بە سەر منداڵی سێ ساڵان و شەش ساڵان، داسەپێندراوە و زمانی دایک یاساخ کراوە، منداڵ نە تەنیا بەرەو چەشنێک لە خەبەگانەبوون دەبردرێ، بەڵکوو بەرەو تەکدان و بریندارکردنی هەست و هەوان دەکەشرێ، بە بە ئاوەی منداڵ خۆی هەست بەو کەشێ بکات.
منداڵ لەو بارودۆخەدا لە لایەن بنەماڵە و لە لایەن دەرسۆڕ و سیستەمی بەناو"پەروەردە" دەکەوێتە ژێر زەخت و تاوژم، بە ئاوەی ئەو زمانانە بە باشی فێربێ، بەشکم هەڵەک لە هەڵان لە ناو سیستەمی ئەو وڵاتانە، داهاتووی دەخواز پەیدا بکات. ئەم پرسیە لە لایەن سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتانە و تەنانەت بنەماڵەکان ئاسایی وەرگیراوە. ئاوەش سیاسەتێکە کە سەت ساڵە پەیڕەو دەکرێ و لە لاکی تر "بارودۆخێک" کە هەرکام لە ئەمە خەمان لە گەڵی هاهناوە!

ئەو پرسیە کە بە هیچ لاونێک ئاسایی نەبووە، بەرهەمهێنەری" ترس"، کە هەر لە هەڵانی سەرەتای باخچەی منداڵان و خوێندنگەی لە گەڵ منداڵەکە، گەورە دەبێ، هەمیسان بە بە ئاوەی منداڵ هەست بەو گرفتێ بکات. ئەو ترسە پێش بە فێربوون و هەست بەئازادیکردن بە فێربوون، دەگرێ. ئەم ترسە بە شێوەی شاراوە عەمەل دەکات و دەبێتە هەی پێکهاتنی "بلۆک" لە مێشکدا و بلۆکبوونی مێشک، مانای داپچانی پەیوەندی دوو لایەنی هاست و چەپی مێشکە، کە بە فێربوون لە هەر مرۆڤێکدا پەیستە. ئەو منداڵە و ئەو بنەماڵانەی کە بەرهەمی ئەو سیستەمانن، ناتوانن مرۆڤگەلێکی ئازاد بن. ئازادی مرۆڤ لە ئاخافتن بە زمانی دایکەوە دەست پێدەکات، گەر ئەو ئازادییە وەرگیرا، دەکرێ باس لە زەوتکردنی کۆمەڵایەتیش بکرێ!

برایم فەقێشی
هەشەمەی 2019

ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا – 2- … ناسر حەسەن

بەشی دووەم

ئایدیۆلۆژیا و بوون

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەنێو کۆمەڵدا لەگەڵ کەسایەتیترین ژیان بەسەر دەبات ، کێشە و ململانێکانیش هەر لەرووە سەرچاوە دەگرن ، تەنانەت مرۆڤ بە ئاوەڵی هەست بەبوونی خۆی بکات و یان لە هاوەڵی سەماندنی بوونی خۆی دابێت ، وا پێویست دەکات لە نێو ژیان و لەنێو کۆمەڵدا بێت ، لەگەڵ ئاویتردا بێت و لە کێشە و گرفتەکان بەشداری بکات ، ئەمەش بنەمایەکە لە داکۆکیکردن لە بوونێکی ئازاد و ژیانێکی تەندروست هەروەک لە کتێبی (ئەنتەلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ) دا کە لە نووسینی (د. محەمەد کەمال)دا هاتووە ، (بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا پێشمەرجی ئەنتەلۆجییە ، بە بوونی مرۆڤ کە دەمانگەیەنێتە سنووری ئاودیو گومانکارییەوە ، ئیتی ئەو کێشەیە دەکاتەوە کە بوونی کەسانی دیکە لەسەر ئەم زەمینە ئەپسەلۆجییەکە دەکاتە گرفتێکی فەلسەفی دژوار) .

نووسەریش وەک هەر کەسێکی دی لەنێو ئەم هاوکێشەیەی ژیاندا کاریگەری و بوونی هەیە ، لە ڕێگای ئەدەبەکەی هاوەڵدەدات مانایەک بەبوونی ببەخشێت . چونکە بە پێی فەلسەفەی بوونگەرایی (مرۆڤکان یان بوون بە ناتەواوی هاتوە بوون ، دەبێت مرۆڤکان لەنێو ژیاندا لە هاوەڵی تەواوکردنی بوونی خۆیان دابن ..) نووسەرکان ، نووسین و داهێنانکارییان وەک پڕۆژەیەکە بۆ تەواوکردنی بوونییان ، لای (نێچە)ی فەیلەسووف (بۆ ئاوەڵی ببی بۆ کەسێکی داهێنەر ، بۆ ئاوەڵی ببی بۆ خۆت ، دەبێ هەموو شتێ میراتییەکان تووە هەبدەی ، خۆت بۆهاو نەریت و ڕەفتار بۆخۆت دابتاشی ..) یان نێچە لە نێو فەلسەفەکەی خۆیدا ، هەمیشە تەرکیزی کردۆتە سەر بەدیهاتنی مرۆڤی باڵا .. لای نێچە مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە ، کە خاوەن ئەو هێزە بیت کە خۆی بێت و ئاویتر نەبێت ..! هەر بۆیە بە نێچەیان گوتووە (فەیلەسوفی هێز) چونکە لەلای ئەو / مرۆڤ ئەوکاتانە دەگاتە پایەی ئەو هێزە ، کە وەک مرۆڤێکی یاخی هەموو بۆهاکانی بۆی داتاشراوە فڕێداتە پشتەوە ، چونکە لەگەڵ هەر جووڵەیەکی یاخیبووندا جۆرێک لە ئاگایی و وشیاری سەرهەڵدەدا.

بەتایبەت بە نووسەر ، بەها مرۆییەکان لەسەرووی هەموو بەهاکانن ، ئەدەبیش لە ریگەی ئیشکردن لەسەر ئەم بەها مرۆییانە مانا بنەڕەتییەکەی بەدەستدەهێنێ . (هەز و بوونەکی باڵا) بنەمایەک بوو نەچە ئیشی لەسەر کردووە ، پێیوابوو کەسی (لاواز و بەهێز) زەلیلانە دەژی و ناتوانێ مانایەک بەبوونی خۆی بدات ، نووسەرانیش گەر بەهێز نەبن و خودان بوونەکی باڵا نەبن ناتوانن داهێنان بکەن ، چونکە کەسی لاواز قسەی ئەوانیتر دەکاتەوە ..! لەلای بوونگەراکانیش مرۆڤی باڵا و خاوەن هێز ، ئەوکەسانن ڕۆگەنادەن کەسانیتر بوونییان داگیر بکەن ، هەروەک (د. محەمەد کەمال) لە کتێبی (نیشتیمانی فەلسەفە) دا باسدەکات و دەڵێت ،(ڕەسەنی و نارەسەنی پێیوەندی بە خەشگوزرانییەوە نییە ، مرۆڤی ڕەسەن شەوازی بوونەکی سەربەستی هەیە و ڕۆگەی بە ئەوان نەداوە بوونی داگیر بکەن یان ببن بە دەزخ بە ئەو ..) دیارە لێرەدا دەزخ بەو مانایە دێت ، کە کەسانیتر بوونت داگیر بکەن و سەربەستیت لە زەوت بکەن ، ئەگەر ئەدەب و نووسین پەژیەک بێت بە مانا بەخشین بە بوون یان تەواوبوونی بوون .

وا پێویست دەکات ، نووسەر خودان ئەو هەزە بێت بوونی خۆی بپارێزت و ڕۆگە نەدات ، هیچ کەسێک یان لایەنێک و هەزێکی دەرەکی بوونی داگیر بکەن ، وا پێویست دەکات ، لەنەو نووسینەکانیدا ، خۆی بێت و حەز و ئارەزووەکانی خۆی بیجووڵێنێت ، نەک هیچ هەزێکی دەرەوەی خۆی . چونکە ئەوانەی دەستەمۆی هەزێکی دەرەکی دەبن جا ئەو هەزە دەسەڵات یان کەلتوور یان ئایین یان هەر ئایدیەلۆژیایەکی دیاریکراو بێت ، ئەوا ئەو کەسە لە ئاست ڕووداوە گرینگ و چارەنووسسازەکانی ژیانی بە دەسەڵاتە و ئەوەی ڕووەدات بەسەریدا دەسەپێنن و ئەویش کەسێکی ملکەچ و دەستەمۆ دەبێ ..! نووسەرە ملکەچ و دەستەمۆکانیش ، قسەی نەو نووسینەکانیان قسەی خۆیان نین چونکە ، لە بنەڕەتدا هەزێکی دەرەکی دەیانجووڵێنن . هەموو ئەو نووسەرانەی خاوەن بوونی خۆیان نین کەسانی نامۆن ، لە هەمانکات ڕۆشبینن ، چونکە کەسانی (نامۆ و ڕۆشبین) ئەو کەسانەن / کە خاوەنی دەسەڵاتی خۆیان نین و ناتوانن مانایەک بەبوونی خۆیان ببەخشن . هەزە دەرەکییەکان بە تایبەت ئایدیەلۆژیا ، یان باوەڕییتر ، (بگومان مرۆڤ لە هەبژاردنی بەوا ئازادە ، بەڵام کاتێک دەبێ بە بەواکەر سەربەستییەکەی لەناودەچێت ..!) .

ئایدیەلۆژیا وەک هەزێک لە سەرووی دەسەڵاتکانی مرۆڤ خۆی بەسەر مرۆڤ و بەسەر بیرکردنەوە و بەسەر بوونی مرۆڤکان دەسەپێنێت ،

